فریاکۆتنی پارێزگای سلێمانی گیان لەدەستدان و بریندار بوونی چوار کەسی پشتڕاستکردۆوە

بەڕێوەبەری سەنتەری فریاکەوتنی پارێزگای سلێمانی، سامان نادر گیان لەدەستدان و بریندار بوونی چوار کەسی پشتڕاستکردۆوە لە ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوەی کارگەی قیە لە عەربەت.

سامان نادر لە لەدوانەکیدا بە ڕۆژنامەنووسان وتی: ئاگرەکە زۆر گەورەیە و داوای لە هاوڵاتیان کرد لەی دووربکەونەوە چونکە ئەگەری تەقینەوەیەک هەیە یان زیاتر فراوان بوونی، هەروەها پێم وانییە کۆنترۆڵکردنی ئاسان بێت، هەرچەندە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوەی بەرگری شارستانی هەموو هەوڵک دەدەن بە بەرێنگار بوونەوەی.

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە، ئاگرێک لە یەکێک لە تانکەکانی قیەدا کەوتەوە و تا ئێستا کۆنترۆڵ نەکرا، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی شۆفێری بارهەڵگرێکی تانکەکە و بریندار بوونی سێ کەسی دیکە، کە دوو کەسیان خەڵکی قەزای بەردەڕەش-ن و سێیەمیان خەڵکی قەزای دەربەندیخان و لێئێستاشدا بریندارەکان گواستراونەتەوە بە نەخۆشخانە.